

# فــەهــد ( يوسف سلمان يوسف )

## 1901 – 1949/2/14

گوتيان ئەو گەڕەكە ،

ژانی گرتووە ،

خەڵكی ناسريە

هەر هەموويان

بە ئاگا بوون

شەويش هێندە بە روناكی مانگ دەنازی ،

ئاگای لە هاوار و زريكەی

منداڵانی گەڕەكە هەژارەكان نەبوو.

مانگ سەمای دەكرد ،

نەمزانی بۆ ئەو شەوە كەيف خۆشە،

هەست دەكا كێ لەو گەڕەكە لەدايك دەبێ ،

يا سەيری زەماوەندی دوو دڵدار دەكا،

يوسف كە لەدايك بوو ،

ناسريە روناك بوو ،

يەكێك دەيگوت ئەو مرۆڤە

مێژوو دروست دەكات ،

**ئەوەی تر دەیگوت**

**مرۆڤایەتی رزگار دەكات،**

**جوتیارێكی پێست سوتاوی**

**بەر رۆژ**

**بە پێكەنینەوە دەیگووت**

**حیزبێک بۆمن دروست دەكات .**

**كرێكارانی كارگەی بەفر**

**دەیانگووت نەخێر بۆ ئێمە و چەوساوەكان**

**حیزب دادەمەزرێنی ،**

**مەلاشەریف لە پیرە هەولێرەوە**

**رایگەیاند حیزب بۆ ئەو دادەمەزرێنی**

**كوردستان بە ئاگا دێنی**

**منداڵە هەژارەكان**

**بە پێكەنینەوە دەیانگووت**

**شیرینیمان بەسەر دابەش دەكات .**

**هێشتا مامان راینەگەیاندووە ،**

**كۆرپەی دایک كوڕە یا كچ ،**

**هێشتا مام سەلمان نازانێ**

**دەبیتە باوكی كچ یا كوڕ**

**ئەو هەمووە**

**لەبەرامبەر ئەو كۆرپەیە ئێشک دەگرن**

**مامان هاواردەكا نێوچەوانی بە خێرە**

**دایكی دەیگوت دەوڵەمەند دەبێت و دەحەسێتەوە**

**مام سەلمان بە پێكەنینەوە**

**دەیگوت هەژاران دەوڵەمەند دەكات**

کەس لەوباوەڕە نەبوو

دەبێتە باوکی سۆزان و لە مۆسکو میوانداری لێدەکرێ

تەنها حازم و صارم

بە ئاگا بوون

دەیانزانی لە شوباتدا

بۆ ئەو میللەتە

پەتی سێدارە دەبەزێنن و جەلادەکان ریسو دەکەن

ئەو شەوە بوو

ئەو وڵاتە

یەکەم مرۆڤی کۆمۆنیستی لە دایک بوو ،

ساڵی 1934 پارتی کرێکاروجوتیارانی

بۆ گەلانی عێراق دامەزراند ،

لە شوباتیش هەر بۆ ئەو گەلە پەتی سێدارەی بەزاند.

فەهد گردەوانی2001ستۆکهۆڵم